# پشت پەردەی گرژییەکانی شنگال!

04-05-2022

**نووسەرەکان**

زریان رۆژهەڵاتی

**کورتە :** رۆژێك دوای گرژییەکانی ئەمدواییەی سوپای عێراق و یەبەشە لە 2ـی ئەم مانگە، عەبدولئەمیر رەشید یارەڵڵا، سوپاسالاری عێراق چووە شنگال و، دوای ئەوەش، سوپا رایگەیاند کە "شنگال ئارام" بووەتەوە. ناوە ناوە نێوانی سوپای عێراق و یەبەشە لە شنگال تێکدەچێت و، بەریەکدەکەون. ئەوە شەڕی پێناگوترێ، بەڵام یەکێك لە قۆناخەکانی بەرلە شەڕە و، ماوەیەکیشە زوو زوو خۆی دووبارە دەکاتەوە. بەهۆی دۆخی ناوخۆیی عێراق و بارودۆخی یەبەشەوە، جارێ زووە ئەوە بۆ شەڕێکی گەورە وەربسوورێت، بەڵام ئەو دۆخە هەروا بە نائارامی دەمێنێتەوەو جاروبار سەهەڵدەداتەوە.

**بەرایی**

ڕۆژێك دوای گرژییەکانی ئەمدواییەی سوپای عێراق و یەبەشە لە 2ـی ئەم مانگە، عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا، سوپاسالاری عێراق چووە شنگال و، دوای ئەوەش، سوپا ڕایگەیاند کە "شنگال ئارام" بووەتەوە. ناوە ناوە نێوانی سوپای عێراق و یەبەشە لە شنگال تێکدەچێت و، بەریەکدەکەون. ئەوە شەڕی پێناگوترێ، بەڵام یەکێك لە قۆناخەکانی بەرلە شەڕە و، ماوەیەکیشە زوو زوو خۆی دووبارە دەکاتەوە.
بەهۆی دۆخی ناوخۆیی عێراق و بارودۆخی یەبەشەوە، جارێ زووە ئەوە بۆ شەڕێکی گەورە وەربسووڕێت، بەڵام ئەو دۆخە هەروا بە ناتارامی دەمێنێتەوەو جاروبار سەهەڵدەداتەوە.
لە ڕاستیدا پرسیارەکە ئەوە نییە کە بۆچی ئەمە ڕوویدا، چونکە پێشبینکراوبوو وەك چەندینجاریش ئاماژەی پێدرابوو، بەڵام گرنگە وەبیری بێنینەوە، بۆ ئەوەی بزانین دۆخی شنگال بەرەو کوێ دەڕوات!

**ئارامی و ناتارامی لە شنگال**

فەرماندەیی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لە ڕاگەیێندراوێکدا گوتوویەتی "سوپا و پۆلیس لەنێو قەزای شنگالن، ئێستا شارەکە ئارامە و دیاردەی چەکداری تێدا نییە." ڕاستییەکەی ئەگەر شنگال تەنیا وەك قەزای ناوەندی سەیر بکەیت، لەوانەیە ئەوە ڕاست بێت، بەڵام گرژییەکانی شنگال تەنیا لە قەزای شنگال نییە و کاتێك باس لەو ناوە دەکەیت، ناوچەکانی بەری باکوور (شیمال) واتە ناحیەی سنوونێ و کۆمەڵگە و گوندەکانی دەوروبەری تا خانەسۆر، لەگەڵ ناوچەکانی بەری باشوور (قوبلەتێ) کە شنگال و کۆمەڵگە و گوندەکانی دەوروبەری لەگەڵ ناحیەی گرعزێر (قەحتانییە) لە بەعاجیش لەخۆ دەگرێت.
شنگال ئارام بووەتەوە، چونکە هەرجارە و گرژییەك لە بەینی سوپا و یەبەشە دەرکەوێت، ناوبژیوانیێك دەکرێت و کپ دەکرێتەوە. بەڵام شنگال ئارامیش نییە، هێزەکان هەر لەوێن و دوای ماوەیەك دیسان گرژییەکان سەرهەڵدەداتەوە. لە بەری باشوور کە شنگالییەکان خۆیان قوبلەتێی پێ دەڵێن، زیاتر هێزەکانی حەشدی شەعبی و فەوجی لالش هەن. لە بەری ڕۆژهەڵات و لە نێوان باکوور (شیمال) و قوبلەتێ، هێزەکانی پێشمەرگە و هێزەکانی پاراستنی ئێزدخانی حەیدەر شەشۆ هەن و، لە بەری باکووریشەوە هەر لە بارا و خانەسۆر و بەرئامەدین شێخ شەمسەوە بگرە هەتا گەلیێ کەرسێ و، لەو بەریشەوە سنوونێ و دوگورێ بەرەو دهۆلا، لەگەڵ بەشێکی زۆری سەری چیا کە سەردەشتی پی دەڵێن، ناوچەیەکن کە زیاتر لەژێر کاریگەری یەبەشەدان.
شنگال ئارام نابێت، چونکە هێزێکی زۆر و جیاوازی تێدایە و بابەخە ئەمنی و ئابوورییەکەیشی تەنیا بە کورد و هەرێمی کوردستان و عێراقەوە سنووردار نییە و خەریکە ڕەهەندێکی گەورەتر پەیدا دەکات.

**ئەلهۆل و گرژییەکانی شنگال**

گەلێك پێیانوایە، لەدوای واژۆکردنی ڕێککەوتنی شنگالەوە لە ساڵی 2020، ئەمە یەکەمجارە حکومەتی بەغدا بە تەمابێت بەشێوەیەکی جیدی ئەو ڕێککەوتنە جێبەجێ بکات. لەشکر و چەك و چۆڵەیەکی زۆری ناردووەتە ئەو دەڤەرە و، لە ڕۆژی 26ی مانگی ڕابردووشدا مستەفا کازمی بڕیاریدا نەجم جبووری پارێزگاری ئێستای نەینەوا بکاتە قایمقامی شنگال! وەك دەزانرێت دابینکردنی ئاسایش و ئارامی لەلایەن سوپا (لە دەرەوەی قەزای شنگال) و پۆلیسی فیدراڵی (لەناو قەزا) و دروستکردنی هێزێکی 2500 کەسی کە شنگالی بن، لەگەڵ گۆڕینی قایمقام لە بەندەکانی [ڕێککەوتنامەی شنگال] بوون کە لە مانگی 10ی ساڵی 2020دا واژۆ کرابوو.
هەرزوو بە هۆی ناڕەزاییە جیاوازەکانەوە، کازمی ناچار بوو بڕیارەکەی خۆی سەبارەت بەدانانی نەجم جبووری وەك قایمقام ڕابگرێت. تا ئەو جێگایەی من بزانم سەرۆکوەزیران لە دانانی نەجم جبووریدا پرسی بە هاوبەشی دووەمی ڕێککەوتنامەی شنگالیش نەکردبوو کە حکومەتی هەرێمی کوردستانە. بۆیە ڕێی تێناچێت ئەمە بۆ جێبەجێکردنی ڕێککەوتنی شنگال بووبێت.
دەستنیشانکردنی کۆنە سەربازێکی وەك نەجم جبووری بۆ شوێنێکی وەك شنگالیش دەریدەخات کە لەوانەیە حکومەت هەندێك پرسی ئەمنیی لە کاری لەپێشینەی خۆی دانابێت.
وەك دەزانرێت لە دوای ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو لە زیندانی گوێڕانی حەسەکە، ترسێکی گەورە لەسەر کەمپی ئەلهۆل دروستبووە و ئێستاش هەرچی دەکەن ئەو کەمپە بە تەواوی کۆنترۆڵ ناکرێت. داعش لەناو کەمپەکە خەڵك دەگرێ، خەڵك دەکوژێ و جارێ کەسیش ناتوانێ بیانگرێ و بیاندۆزێتەوە. عێراق ترسێکی زۆری لە چارەنووسی کەمپی ئەلهۆل هەیە کە دەوری 10-15 کم لە شنگالەوە دوورە. قاسم ئەعرەجی ڕاوێژکاری ئاسایشی نەتەوەیی عێراق، پێشتر گوتبوی ئەلهۆل مەترسییەکی [ڕاستەقینەیە]. لەبیرمان نەچێت کە بە پێی ڕێککەوتنی شنگال دەزگای ئاسایشی نەتەوەیی یەکێکە لە بەرپرسانی دۆسییەی شنگال. عێراق بڕیاریداوە بەشێك لەو عێراقییانەی ناو کەمپی ئەلهۆل بهێنێتەوە بۆ کەمپی جدعا لە سنووری پارێزگای نەینەوا. هەروەها بەشێك لە شەڕکەرە گیراوەکانی داعشیش بهێنێتەوە کە بەشێکیان کە لەوانەیە دەوری 5000 ـتا 6000 کەسێك بن لە زیندانەکانی هەرێمی کوردستان جێگیربکرێن. هەڵبەت پێدەچێت بڕیاربەدەستانی عێراق بە شێوەیی سەرەکی خۆیان ناچار بە قایمکردنی سنوورەکان ببینن. دوای ڕووداوەکەی زیندانی غوێڕان لە حەسەکە، مستەفا کازمی بۆخۆی چووە سنوور و لەو کاتەوە کارەکانی دروستکردنی دیوار و تەلبەند لە بەشێك لەو سنوورانە زیادیان کردووە. ئا لێرەوەیە کە جووڵەی سوپا بەرەو شنگال زیاتر واتا پەیدا دەکات. عێراق دەزانێت کە بەو فرە هێزییەی وا لە شنگال هەیە، ئەستەمە لە کاتی دەرچوونی گرفتێکدا بتوانێ بەسەریدا زاڵ بێت. هەڵبەت لەلایەکی دیکەشەوە، مەترسیی ڕاستبوونەوەی داعشیش نەبێت، ئەوە هەر خواستی حکومەتە کە بتوانێت بە تەواوی بەسەر بارودۆخی شنگالدا زاڵ بێت. ئەگەر حکومەت بەهێز بێتەوە، ئایندەیەك بەدی ناکرێت بۆئەوەی یەبەشە و "ئیدارەی خۆسەری شنگال" بتوانن بەمجۆرەی ئێستا بمێننەوە.

**ململانێی ڕێڕەوەکان لە شنگال**

شنگال ئێستا ناوچەیەکی گرنگە بۆ ئەوەی هێزەکان لەوێ ڕکابەریی یەکدی بکەن، هێزە وەکیلەکانیان بدەنە گژی یەکدیدا بە بێئەوەی خۆیان بکەونە ناو شەڕێکی ڕاستەوخۆوە، بەڵام تەنیا ئەوە نییە و، پرسی شنگال خەریکە ڕەهەندێکی جیۆئیکۆنۆمی گرنگیش پەیدا دەکات. لەم ساڵانەی دواییدا عێراق خەونێکی هەیە بۆ ئەوەی ببێتە کۆریدۆرێك بۆ گواستنەوەی دەریایی- وشکانی و، بە تەمایە بە پرۆژەی "بەندەری فاو" لە نێو بەندەرەکانی مێرسین (تورکیا)، بەندەر عەباس (ئێران) و شاریجە (ئیمارات)دا شوێنێك بۆخۆی بکاتەوە و، لەڕێی بەستنەوەی فاو بە فیشخابوور، بەڕێی ئاسن و جاددەوە، بایەخە ڕێڕەوییەکەی خۆی بۆ بازرگانی زیاتر بکات. ساڵی رابردوو، داخرانی کەناڵی سوێز زیانێکی گەورەی ئابووری لێکەوتەوە و بۆ ماوەیەك گرفتی بۆ هاتوچۆی نێوان دەریای سپی و دەریای سوور دروستکرد. ئا لێرەوەیە کە دۆزینەوەی کەناڵی جیگرەوە، ڕەهەندێکی نێودەوڵەتیشی هەیە. لە دیسێمبەری 2021دا یەکەم باری کەشتی لە شاریجەی ئیماراتەوە بۆ بەندەرعەباسی ئێران و، لەوێشەوە بە ڕێگەی وشکانی بۆ تورکیا گوازرایەوە و، ئێستا ئەو هێڵە لە کاردایە. وادیارە ئەگەر بارەکان لەو ڕێگەیەوە بگوازرێنەوە، 6 بۆ 8 رۆژی پێدەچێ تا بگاتە تورکیا بەڵام، ئەگەر لەڕێی دەریای سپی- کەناڵی سوێز و دەریای سوورە بێت، ئەوا دەوری 21 رۆژی پێدەچێت. جا ئەگەر عێراق پرۆژەی بەندەری فاو تەواو بکات و ڕێگەی ئاسان و ڕێگە وشکانییەکانییەکانی بەرەو تورکیا چاکبکاتەوە، ئەوسا ڕێگەیەکی ئاسانتر دەبێت بۆ گواستنەوەی شتومەك لەنێوان دوبەی بۆ تورکیا و بە پێچەوانەکەیشی. دوای ئەوەی هەندێك لە وڵاتانی کەنداو گەمارۆیان خستە سەر قەتەر، عێراق کەناڵێکی ئاوی بۆ قەتەر کردەوە و شتومەکی هاوردەکراوی لەڕێی بەسرەوە ڕەوانەی قەتەر دەکرد، بۆیە ئەزموونێکی لەمەشدا هەیە. بەمدواییانە تورکیا و ئیمارات 13 ڕێککەوتننامەیان واژۆکرد کە یەکێکیان لەبارەی گواستنەوەی دەریایی- وشکانییەوەیە. مەولوود چاوشئۆغڵو، وەزیری دەرەوەی تورکیاش گوتوویەتی کە عێراقیش یەکێك لە ڕێگەکان دەبێت بۆ گواستنەوەی شتومەك لەنێوان تورکیا و ئیمارات.

ئێستا ڕێگەی وشکانی لە نێوان عێراق و تورکیا هەیە و بە ئاسانی دەتوانرێت ئەو شوێنانەی کە پێویستیان هەیە چاکبکرێنەوە. تەنیا کێشەیەکی گەورە کە هەیە لە نێوان تەلعەفەر بۆ سنووردایە. بۆ ڕێگەی ئاسنیش، حکومەتی هەڵمەتێکی نۆژەنکردنەوەی ڕێگەکانی ئاسانی دەستپێکردووە کە یەکێك لە گرنگترینەکانیان بە موسڵدا تێپەڕ دەبێت. تۆڕی ڕێگەی ئاسن لە بەسرەوە دەگاتە ناسریە و سەماوە، دیوانیە و حیللە و لەوێشەوە بۆ کەربەلا و بەغدا هەیە و لە بەغداشەوە بۆ بەعقوبە- سامەڕا، تکریت دەڕوات و، لەوێوە دەگاتە (وادی المر) لە سنووری پارێزگای نەینەوا. دواتر دەچێتە حەمام علیل و لەوێشەوە بۆ موسڵ و دواتریش تاوەکو ڕەبیعە دەڕوات. کاتی خۆیشی ئەو ڕێگە ئاسنانە هەر بە تورکیاوە بەسترابوونەوە، بەڵام شەڕ و نۆژەنەکردنەوە، وایکردووە کە بەشیکی زۆری ڕێگەکانی ئاسن لەکاربکەون. ئێستا حکومەت خەریکە بە چڕی کار لەسەر نۆژەنکردنەوەی ڕێگەکانی ئاسان دەکات و، یەکێك لەوانەش وێستگەی (وادی المر)ە لە موسڵ کە نزیکەی 120 کیلۆمەتریك لە شنگالەوە دوورە.

هەڵبەت کردنەوەی کۆریدۆری تورکیا- عێراق- خەلیج واتای ئەوە دەدات کە بایەخە ڕێڕەوییەکەی ئێران ئەگەر کەمیش نەبێتەوە، ئەوا جێگرەوەیەکی هەبێت! خاڵێکی دیکەش ئەوەیە کە عێراق بۆ ئەوەی ئەم کۆریدۆرە بکاتەوە، دەبێ ئاسایشی نەینەوا دابینبکات. ئەگەر لەم دیدەوە تەماشا بکەین و بپرسین ئاسایشی نەینەوا بە گشتی نەك تەنیا شنگال هەبێت، بۆکێ باشە و بۆ کێ باش نییە؟ ئەوسا گرژییەکانی شنگال زیاتر واتادار دەبن.

هەڵبەت ئەم بابەتە تەنیا پرسێکی نیودەوڵەتیش نییە. بۆ پەکەکە و ئیدارەی رۆژئاوای کوردستانیش، شنگال ڕێڕەوێکی گرنگە و نایەوێ لە کیسی بکات. بۆیە تەقدەم لە رۆژئاوای کوردستان پاراستنی شنگالی وەك دەینی سەر ملی خۆی هەژمار کردووە. هەروەها بۆ هەندێك لە گرووپە چەکدارییەکانیش، شنگال و باکووری پارێزگای موسڵ بە گشتی، ڕێگەیەکی گرنگە بۆ قاچاخ و، دەتوانێت سوودێکی زۆری بۆ هەندێك لە فەرماندە محەلییەکان هەبێت. ئا لێرەدایە کە فاکتەری محەلی و ناوچەیی دەست بە دەستی یەك دەدەن و، خواستێك دەردەکەوێت کە حەز دەکات نەك تەنیا شنگال، بەڵکو دەشتی نەینەواش هەمیشە تەشقڵەی تێدا بێت. بۆیە گرژییەکانی شنگال و هێرشە مووشەکییە بەردەوامەکانی سەر هەرێمی کوردستان لە دەشتی نەینەواوە گرێدراوی یەکن، وەك حەڵقەیەك یەکدی تەواو دەکەن کە یەکێك لە ئامانجەکانی دروستکردنی ئاستەنگە لە بەردەم کۆریدۆری خەلیج- عێراق- تورکیا.

**کۆتایی**

گرژییەکانی شنگال لە بابەتی یەبەشەگەورەترە. ئەمە لە ماوەی کورتخایەندا پەیوەندی بە چەندین فاکتەری گرنگی وەك دۆخی کەمپی ئەلهۆل، ئاسایشی سنوورەکانی سووریا- عێراقەوە هەیە. لە ماوەی درێژخایەندا خواستی حکومەت بۆ سەپاندنی دەسەڵاتی خۆی لە ئارادایە. چەندەی حکومەت بەهێزبێت، ئەوەندەش شوێن بە یەبەشە لێژ دەکات. حکومەت تەنگی بە هەرێمی کوردستانیش هەڵچینوە لەسەر پرسەکانی پەیوەست بە سەروەری، ئینجا چۆن لە ماوەی درێژخایەندا ڕێگە دەدات هێزێکی دیکە بە ئیدیعای سەروەرییەوە لە شنگال بەردەوام بێت؟ هەڵبەت جارێ حکومەت زۆری ماوە تا بەهێزبێتەوە و، کۆمەڵێك گرفتی ناوخۆیی و دەرەکیی هەیە کە تاقەتی لێ بڕیون. بۆیە ئەوەی کە ئێستا دەیکات زیاتر لەبەر ترسەکەیەتی لە کەمپی ئەلهۆل. بۆیە ئەو دۆخەی شنگال جارناجار بەردەوام دەبێت و جارێ تەحەمولی مانەوەی یەبەشە لەوێ دەکات. ئەگەر گرژییەکانی ئەمجارە لە سەر ڕێگەی سنوونێ و خانەسۆر بووبێت، گرژی داهاتوو لەسەر زۆربەی ناوچەکانی بەری باکووری شنگال دەبێت. بە ئەگەری زۆر لە ماوەی کورتخایەندا حکومەت دواجار رازی دەبێت یەبەشە لە شوێنەکانی وەك خانەسۆر و گەلێ کەرسێ و سەردەشت (سەر چیای شنگال) بمێننەوە. چیای شنگال لە دەست هێزێکی وەك یەبەشەشدا بێت کە مووشەکی دوورهاوێژی نییە و زیاتر بە چەکی سووکەوە دەگەڕێت، هەڕەشە بۆ عێراق دروستناکات.

هەڵبەت کۆنترۆڵکردنی دۆخی شنگال بە تەواوی لەلایەن حکومەتەوە، لە دژی هەندێك بەرژەوەندیی ناوخۆیی و دەرەکییە، بۆیە بە ئەگەری زۆر حکومەت لە کورتخایەندا ناتوانێت هەموو پلانەکانی لەبارەی شنگال سەربخات، وەك چۆن کاتی خۆی رێککەوتنەکەی شنگال تەنیا لەسەر کاخەز مایەوە، بەڵام پرسی شنگال ئیدی تەنیا مژارێکی تەنیا کوردی- کوردی و عێراقیش نییە. بەڵکو رەهەندێکی گەورەتری وەك شەڕی داعش و ململانێیەکی جیۆئیکۆنۆمیشی پەیدا کردووە. بۆیە لەڕووی سیاسییەوە یەکلاکردنەوەی ئاڵۆز دەبێت. ئالێرەدایە کە ئەگەر بیرۆکەی ئیدارەیەکی ئۆتۆنۆم بۆ دەشتی نەینەوا و شنگال زیندوو بکرێتەوە و سەربگرێت، یارییەکی براوە-براوە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی بەغداش دەبێت. هەم مافی کەمینەکانی دەشتی نەینەوا و شنگال پارێزراو دەبن، هەم ئاسایشی هەرێمی کوردستان پارێزراوتر دەبێت، هەم عێراقیش ئاسانتر دەتوانێت خەونە رێڕەوییەکەی بهێنێتە دی!